رووداو
# ئەدەب و كولتوور

ژمارەی داهاتوو:
- ئێتنۆموزیکۆلۆجی چییە؟
- خوێنەر هەمیشە لەوێیە!

Email: bijar.hekim@rudaw.net
ژمارە (3) دووشەممە 2017/1/16

## لە چوارەمین ساڵیادی مەرگی ژنێکی یاخیدا

# ئەحلام مەنسوور، قەڵەمێکی دژە باو




**ئا: ئەدەب و كولتوور**

چیرۆکنووس و مامۆستای زانکۆ «ئەحلام مەنسوور ئەمین» لە ساڵی 1951 لەشاری خانەقین لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەخانەقین تەواو کردووە و دواتر بەکالۆریۆس و ماستەری لە ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا تەواو کردووە و ناونیشانی ماستەرنامەکەی بەناوی (بینایی هونەری لە چیرۆکی کوردیدا) بوو.

لەکۆتایی ساڵانی شەستەکاندا چووەتە نێو دنیای ئەدەب و نووسین و رۆژنامەنووسییەوە و لەچەندین گۆڤار و رۆژنامەدا کاری کردووە. لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا کۆچیرۆکی (پرد) ی بڵاوکردووەتەوە و لە سەرەتای دوو هەزارەکانیشدا رۆمانی (ئەڵوەن) ی بەچاپ گەیاند.

ئەحلام مەنسوور، بە ژنێکی ئازاد و قەڵەمێکی دژەباو و یاخی ناسرابوو، چەندین کتێب و نووسین و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ئەکادیمی لەبارەی ژنان و گەنجانەوە نووسیوە. رۆژی 10ی کانوونی دووەمی2013 لە تەمەنی 62 ساڵیدا و بەهۆی نەخۆشیی دڵەوە لەشاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد. ئەدەب و کولتوور بە پێویستی زانی لە ساڵیادی کۆچی دواییدا بە چەند وشەیەک وێستگەکانی ژیانی ئەو ژنە نووسەرە بەبیر خوێنەرانی بهێنێتەوە.

# کۆدەکەی داڤینشی.. رۆمانێک بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی ئایین و مێژووی هونەر




**ئا: ئەدەب و کولتوور**

کۆدەکەی داڤینشی چوارەمینە لەو شەش رۆمانانەی تائێستا رۆماننووسی ناوداری ئەمریکی (دان براون)، بڵاوی کردوونەتەوە. رۆمانەکە لە 2003دا چاپ و بڵاوکرایەوە. لەگەڵ بڵاوکردنەوەیدا دەنگ و سەدایەکی زۆری دایەوە، ئیدی هەر رۆمانێکی دیکەی دان براون بڵاودەکرایەوە، لەسەری دەنووسرا ئەم رۆمانە هی خاوەنی کۆدەکەی داڤینشیە. رۆمانەکە تا ئێستا وەرگێڕدراوەتە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان، لەو 200 ملیۆن دانە فرۆشراوەی هەر شەش رۆمانەکانی دان براون، زیاتر لە 80 ملیۆن دانە بەتەنها بەر کۆدەکەی داڤینشی کەوتووە. ئەم رۆمانە و کارەکانی دیکەی دان براون کراونەتە فیلمی سینەمایی بەناوبانگ. رۆمانەکە لەبەر ناوەڕۆکە هەستیارەکەی هەر زوو جیهانی کریستیانێتی هەژاند و پاپای ڤاتیکانی هێنایە دەنگ. رۆمانەکە لەڕێی کردنەوەی کۆمەڵێک مەتەڵ و کۆدی نهێنی، گرێی ژیانی عیسای مەسیح دەکاتەوە، بەتایبەتیش لەڕێی چوار تابلۆ ناودارەکانی بیریار و هونەرمەندی ئیتالیی سەردەمی رێنیساس لیۆناردۆ داڤینشی، دەچێتە قووڵایی مێژوو، باس لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحی دەکات، پاشان چۆن لەسەر دەستی قەیسەرێکی بتپەرستی رۆما بەناوی کوستەنتینوس بە هێزی شمشێر بڵاوبووەتەوە بۆئەوەی ئیمپراتۆریەتەکەی لەباری هەڵوەشان بپارێزێ. چۆن ئەو ئیمپراتۆرە لەنێو ئەو هەموو ئینجیلە زۆرانەی ئەوێ دەمدا، تەنها ئەو چوارەی هێشتەوە کە سیفەتێکی خوایی بە عیسای مەسیح بەخشیوە. ئایا عیسا ژنی هەبووە؟ کە هەیبووە ناوی چییە؟ لە کوێ ژیاوە؟ چۆن لەدەست کەنیسە هەڵاتووە؟ منداڵەکەی چی بەسەر هاتووە؟ ئایا بەڕاست عیسا چی بووە؟ خوا بووە، یان کوڕی خودا؟ یان هەر مرۆڤێکی ئاسایی بەرمەرگ (فانی)؟ هەموو ئەو تەلیسمانە لە رۆمانەکەدا دەکرێنەوە. رۆمانەکە پرسی ئایین یەکلا دەکاتەوە، تێهەڵکێشی ئایینی بتپەرستیی سەردەمی رۆمانەکانە، بە هەموو هێما و ئاماژەکانییەوە کە تا ئێستاش لە بۆنەو یادەکانی کریستیانێتی و تەنانەت سیمبولەکانی جیهانیشدا دەبینرێ، شی دەکاتەوە ...بەکورتی رۆمانەکە باسێکە لە حیکمەتی مێژوو، ئایینی سەردەستە و مێژووی هونەر. رۆمانی کۆدەکەی داڤینشی، لەلایەن نووسەر و وەرگێڕ « شەفیقی حاجی خدر» کراوەتە کوردی و ناوەندی ئاوێر چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.

# ئەو دووبارە لێرەیە

**بەفراو نووری**



لە روانینێکی خێرا و گشتیدا بۆ هەموو ئەو کارەساتانەی لە دونیای ئەمڕۆدا رۆژانە روودەدەن، جیا لە رۆڵی دیکتاتۆر و سیاسەتی درۆزنانەی ولاتە زلهێزەکان و زۆر هۆکاری دیکە، بەرجەستەبوونی رۆڵی میدیا لە بەلارێدابردن و شێواندنی حەقیقەت و راستییەکان شتێکی زۆر بەرچاوە. زۆر جار رۆڵ و کاریگەریی میدیا لە خولقاندنی کارەساتەکاندا زۆر زیاترە لە چەکێکی ئەتۆمیی بەهێز، چوون دەتوانرێت لە رێگای میدیاوە دیکتاتۆرێک بێتە سەر دەسەڵات کە توانای بەکارهێنانی هەموو ئامرازێکی مەترسیداری بۆ سەر مرۆڤایەتی هەبێت. پییەر بۆردیۆ کۆمەڵناس و مرۆڤناسی فەرەنسی بە شێوەیەکی ورد باس لە مەترسییەکانی میدیا و ژورنالیزم دەکات و پێیوایە کە میدیا و مۆراڵی ژورنالیزم دەتوانن مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورە بن بۆ سەر ژیانی سیاسی و دیموکراسی. بۆردیۆ دەڵێت کە زۆرێ لە میدیاکان گۆڕەپانێکن بۆ ئەو ژورنالیستانەی لە پێناوی بەدەستهێنانی جەماوەر و بینەر و گوێگری زۆرتر ئامادەن بە شێوەگەلێکی تایبەت بابەتگەلێکی رەگەزپەرستانە بەرجەستە بکەن و بێ ئەوەی تەنانەت بیانەوێت و بێ ئاگای خۆیان، گەشە بە بیری فاشیزم دەدەن. بۆردیۆ پێیوایە کە میدیا وەک ناوەند و کەرەستەیەکی گەیاندنی راستی ئیش ناکات و لە پشتی میدیاکاندا هەندێ شتی نهێنی هەیە کە کۆمەڵگا ئاگاداری نییە و ئەوەی هەیە و روودەدات ئەوەیە کە زمانحاڵی کەسی میدیاکار دەڵێت: "من دەمەوێت خۆم پیشانی خەڵک بدەم و خۆم نمایش بکەم". بۆردیۆ بۆ ئەم مەبەستە ئاماژە بە رستەیەکی برکلی دەکات کە دەڵێت: "بوون واتە وەرگرتن". برکلی بوونی وەک ئەو کاریگەرییانە تەماشا دەکرد کە شتەکان لەسەر هەستەکانمان جێیدەهێڵن، گەر شتێک هەست وەرینەگرت بوونی نییە، بوون بریتییە لەوەی بە هەست وەریدەگرین. لێرەوە میدیاکانیش تەنیا ئەو بەشەی بوونیان بۆ گرنگە کە کار لە هەستەکانمان دەکات، راستی ئەوەیە کە وەریدەگرین، نەوەک ئەوە بێ کە بووە، کەواتە راستی ئەوەیە کە ژورنالیستەکان دروستی دەکەن. بەگشتی بۆردیۆ روانینێکی رەشبینانەی بۆ میدیا و بەتایبەت تیڤی هەیە و پێیوایە کە تیڤی بەهۆی ئەوەی دەتوانێت کەڵک لە وێنەی زیندوو وەربگرێت، باشتر و ئاسانتر دەتوانێت بینەر بخاتە ژێر کاریگەریی ئەو سیاسەتەی کە پەیڕەوی دەکات. بۆردیۆ لە کتێبی «دەربارەی تیڤی و دەسەڵاتی ژورنالیزم» بە وردی باس لە مەترسییەکانی ئامێری تەلەفزیۆن دەکات.

یەکێک لەو فیلمانەی ئەم دواییانە سەیرم کرد و حەقیقەتی زۆری ئەم کتێبەی بۆردیۆمان روونتر بۆ دەردەخات، فیلمێکە بە ناوی «ئەو دووبارە لێرەیە». فیلمەکە لە رۆمانێکەوە وەرگیراوە بە هەمان ناو و لە نووسینی نووسەری ئاڵمانی تیمۆر وێرمێشە. فیلمەکە باس لە گەڕانەوەی هیتلەر دەکات. لە هاوینێکی گەرمی بێرلینی ساڵی 2011 دا، هیتلەر لەناکاو لە نزیک نیشتەجێی پێشووی خۆی بە جلە سەربازییەکانیەوە لە نزیک شوێنی یارییەکی منداڵاندا بە ئاگا دێتەوە. بێ ئەوەی بزانێت چی بەسەردا هاتووە دەست دەکات بە گەڕان بە جادە و کۆڵانەکانی شاردا، بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەکی تەواوی لەسەر رووداوەکانی دوای کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی هەبێت، هەندێک خەڵک تەنیا وەک مرۆڤێکی سەیر و نانۆرماڵ سەیری دەکەن، بەڵام هەندێکی تر بیر لەوە دەکەنەوە کە دەتوانن بیکەن بە سوژەیەک بۆ شۆیەکی تیڤی و لەو رێگایەوە سەرنجی خەڵک زیاتر رابکێشن بۆ لای کەناڵەکەی خۆیان. بەم شێوەیە هیتلەر جارێکی تر لە پیاوێکی بێ شوێنەوە کە خەڵک تەنیا وەک کەسێکی شێت و نانۆرماڵ سەیریان دەکرد، لەڕێی بەرنامەیەکی تیڤییەوە کە راپۆرتسازێک ئامادەی دەکات، دەبێتەوە بە هیتلەرەکەی جاران و خەڵک بە تامەزرۆییەوە گوێی بۆ دەگرن و شاد دەبنەوە بە دیداری و لەڕێی ئەوەوە بۆچوونە رەگەزپەرستانەکانی خۆیان دەسەلمێننەوە. فیلمەکە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە کۆمەڵگایەکی کراوە و مۆدێرنی وەک ئاڵمانیاشدا سەرهەڵدانی دیکتاتۆر دەتوانێت لەڕێی میدیاکانەوە شتێکی چاوەڕوانکراو بێت. بۆردیۆ دەڵێت کە ژۆرنال و تیڤییەکان بۆ ئەوەی لە یەکتر دوانەکەون، دایمە لە هەوڵی ئەوەدان بە خێرایی دەستیان بگاتە بابەتێک و لە کێبڕکێ لەگەڵ یەکتردان بۆ ئەوەی پێشی یەک بدەنەوە و بتوانن بینەر و گوێگری زۆرتر بۆ خۆیان کۆبکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش پەنا دەبەنە بەر ئیشی فەوری و خێرا و ناچاری. بۆردیۆ ئاماژە بەو رستەیەی ئەفلاتون دەکات کە دەڵێت: "لەژێر بارودۆخی ناچاریدا بیرکردنەوە مومکین نییە"، بێگومان لە نێوان بیر و کاتدا پەیوەندییەک هەیە، بۆردیۆ ئەو پرسیارە دەکات کە ئایا مرۆڤ دەتوانێت بە خێرایی بیر بکاتەوە؟ بۆردیۆ دەڵێت کە تیڤی بۆ ئەم مەبەستە لە خێرایی کەڵک وەردەگرێت. لای ئەو تیڤی ئامێرێکە "بیروبۆچوونی ئامادەکراو" وەک خواردنە فاستفوودەکان پێشکەش بە جەماوەرێک دەکات کە نە دەرفەتی بیرکردنەوەی قووڵیان هەیە و نە حەزیش دەکەن قووڵ لەسەر کێشە یان بابەتێک بیربکەنەوە. لە تیڤیدا هەواڵی دروستکراو و خێرا و بەسەرداسەپێنراو دەخرێتە بەردەست و هەر لەوێشدا مانا و ناوەڕۆک و مێژوو و پاشخانی بۆ دروست دەکرێ. بینەرانی تیڤی نایانەوێت یا ناتوانن و کەرەستەیان نییە دوای راست و دروستی شتەکان بکەون، لێرەوە ئەوەی میدیا دەیڵێت و ریکلامی بۆ دەکات و جوان دەریدەخات، دەبێتە جوان، ئەوەشی میدیا دەیشێوێنێت، دەبێتە شێواو. بەم شێوەیەش پرۆسەی گەمژەکردنی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی ناهوشیارانە بەڕێوەدەچێت لەڕێی بکەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە کە بەشێکیان لەناو تیڤیدان و بەشێکی تریشیان مەسرەفکەری بەرنامەکانی ئەون. بەم جۆرە، دەسەڵات بەشێوەیەکی هەرزان و کەم تێچوو بەردەوام خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە. نووسەری رۆمانی «ئەو دووبارە لێرەیە» بە زمانێکی تەنز و کۆمێدی پێماندەڵێت کە هیتلەر لە دونیای ئەمڕۆشدا لەڕێی میدیاکانەوە توانای گەڕانەوەی هەیە، ئەمجارە پێویستی بە حیزبێکی زەبەلاح نییە، بەرنامە و کەناڵەکانی گەمژەکردن بەو کارە هەڵدەستن و خەڵکی بۆ کۆدەکەنەوە. مەرج نییە چەکەکەی هەر سوپا و تۆپخانە بێت، بەڵکو بەرنامەیەکی کۆمیدی دەتوانێت بیکاتە ئەستێرە. زۆر جار کە سەیری رابردووی نازییەکان دەکەین، بە دڵنیاییەوە بێزاریی خۆمان بەرامبەر بەوانە دەردەبڕین کە لە ژێر کاریگەریی هیتلەر و دەسەڵاتەکەیدا ئەو هەموو کارەسات و جنایەتەیان خولقاندووە، لەوانەیە بیرکردنەوەی ئەو سەردەمەیان جێگای گاڵتە و بێزاری بێت بۆ ئێمە و بە دڵنیاییەوە بە خۆمان بڵێین کە ئێمە هیچ کات لە دۆخێکی وەهادا ناتوانین لەژێر کاریگەریی هیچ بیرێکدا فریوی هیچ دیکتاتۆرێک بخۆین، بەڵام رۆمانی «ئەو دووبارە لێرەیە» ئەو حەقیقەتە تاڵەمان بۆ دەردەخات کە لە هەر سەردەمێکدا هیتلەرێک لەناو ناخی هەمووماندا هەیە و تەنیا چاوەڕێ دەکات دەرفەت و شوێن و کاتی گونجاوی بۆ برەخسێت بۆ ئەوەی خۆی نیشان بدات. بەتایبەتی لە سەردەمی نوێدا، بە پێچەوانەی ئەو بیروباوەڕانەی کە وادەزانن مرۆڤ چوون گەشەی کردووە، ئیتر پێدەچێت کەمتر بکەوێتە ژێر کاریگەریی بیری خەتەرناک و مەترسیدارەوە، لە ئەمڕۆدا بەهۆی میدیا و سۆشیالمیدیاوە چیتر تاکگەرایی مانای نەماوە و زۆرینەی کۆمەڵگا جۆرە بیرکردنەوەیەکی تودەیی و جەماوەرییان لا دروست بووە و کۆمەڵ چی بیربکاتەوە و چی بە راست بزانێت، بێ ئەوەی بزانن ئاخۆ ئەوە راستییە یان چیرۆکێکی دەستکرد و شێوێنراوە، باوەڕی پێدەکەن. میدیا ئەو مرۆڤە گەمژەیە دروست دەکات کە بێ ئەوەی هیچ زانیارییەکی تەواوی هەبێ، حوکمی پێشوەخت بەسەر هەموو دیاردەیەکدا دەدات. رووداوەکان لە هەموو پاشخان و مێژوویەک دادەبڕن و شتێکی لێ دروست دەکەن کە خۆیان دەیانەوێت. لەسەر ئەم زەمینەیەش زۆر ئاسان دیکتاتۆرەکان گەورە دەبن و بە ئامانجی خۆیان دەگەن.





# گوڵ، وەک بکوژ و پەژموردەکراوی نێو شیعر

**پێشەوا کاکەیی**

گوڵ، ئەو چەمکە شیعرییەیە کە خۆی دزیوەتە نێو شیعرەوە، یان ئەوە شاعیرە لەڕێی شیعرەوە دەیەوێت خۆی بخزێنێتە نێو گوڵەوە؟ ئایا ئەوە گوڵە لە چرکەساتی خەیاڵدانی مرۆڤدا گەورە دەبێت، یان ئەوە مرۆڤە بە خەیاڵ، هێزی گەشەکردن بە گوڵ دەدات و وەک فریادڕەسێک ئاوی دەدات تا پەژموردە نەبێت؟ ئایا ئەوە گوڵە لەڕێی جوانییەکەیەوە شەهید دەبێت، یان ئەوە ئێمەین بۆ جوانییەکی دیکە، گوڵ شەهید دەکەین.

لە بونیاتنانی شیعردا، "گوڵ" تەنیا وەک وشە، نەک وەک خودی خۆی، شیعر وەک دێڕ، کۆتایی بە مۆسیقای نێوەوەی دێنێت، یان هەر ئەم وشەیە بەدەر لەمە، مۆسیقای دەرەوەی شیعر بە ئاراستەی رامانیشدا دەبات.

بە درێژایی مێژوو، گوڵ شەهیدی دەستی جەللادی عاشق وەک بکوژی رۆح بۆ کایەیەکی دیکەی رۆحە. شاعیر، دەستپێکی هەر شیعرێکی بۆ بە شاعیربوونی، دۆزینەوەی وێنە و لەرینەوەی مۆسیقا و چێژبەخشی رۆحە، لەسەر کوشتنی رۆحێکی دی، بۆ بەخشین بە رۆحێکی دی. کاتێک شاعیر، لەسەر کوشتنی رۆحی گوڵ رادێت، بۆ بەردەوامیدان بە شیعرییەتی، دەبێتە جەللادێکی گەورەی رۆح وەک جەستە و، لە هەمانکاتیشدا دەبێتە بەخشندە و جوانیبەخشێکی وەها بۆ ئەویندارەکەی، هەر لەسەر خودی هەمان وشە، بەبێ خودی رۆح.

ئەم قسەیەی " تریستان تزارا"، کە دەڵێت: "مەرج نییە هەموو شاعیرێک شیعر بنووسێت و مەرجیش نییە هەموو شیعرنووسێک شاعیر بێت". ئەوەی لێرەدا دەمەوێت لە بارەی ئەم دێڕەوە بیڵێم، خوێندنەوەیەکی راڤەکارانە بۆ دێڕەکە نییە. بەڵکوو بۆ دەرەوەی ئەم دەلالەتەیە. ئەوەی شاعیرە و شیعر نانووسێت، ئەو دیدە رۆحە ئامادەییەیە کە هەمیشە بە دوای خودی رۆحدا دەگەڕێت و توانای نووسینەوەی رۆحی نییە. ئەوەی شیعرنووسە و شاعیر نییە، بەدەر لە پێوەرەکانی شیعر و شاعیربوون، دیدی رۆح و مرۆڤبوونم بەلاوە گرنگترە. هەڵبەت ئەوە دەردەخات کە شیعرنووسەکە، لە پێناوی شیعرەکەدا، رۆح دەکاتە مەبەست، وەک کەرەستەی وشە وەگەڕی دەخات و دایدەماڵێ لە رۆح. هەرچی شاعیرە شیعرنەنووسەکە، بە دوای دڵۆپێک ئاودا دەگەڕێت بۆ رۆحیەتی گوڵ تا لە پەژموردەیی رزگاری بکات.

شاعیر وەک ئەویندار و، ئەویندار وەک شاعیر، هەم ستەمکار و هەم ستەمدیدەیە. ئەویندار بۆ هاوئەوینەکەی، لە رۆحییەتی گوڵەوە دەست پێدەکات و دەبێتە جەللاد وەک رۆحکێشان. گوڵ دەبێتە شەهیدی چرکەساتی ئەوین. شاعیریش، لە گوڵەوە بەرەو باغ و تەنیا هەوڵی وێرانکردنی شار و خاپوورکردنیشی دەدات، گەر هاوئەوینەکەی بیهەوێت، لە شار دوور بکەوێتەوە. هەڵبەت ئەمە بە دیدێکی شیعرانە بۆی دەڕازێنێتەوە. هەموو شتێک لە رۆحی شاعیردا دەبێتە کوژراو و لەسەر کاغەزیش دیڕێکی جوان و وێنەدار.

بۆیە دەربازبوون، شتێکی مەحاڵە، رۆحێک دەبێتە قوربانی بۆ رۆحێکی دی و لە ئاکامیشدا، درێژە پێدانی بە دوای خۆیدا دێنێت و زنجیرەی مرۆڤایەتی دەخاتە نێو بازنەی پرسیارەوە. ئەوەی بیهەوێت لە بکوژ و پەژموردەیی دەربازی ببێت، دەبێت گوڵ وەک ڕۆح و ئەوینیش وەک رۆح خوێندنەوەی بۆ بکات. هەردووکیان بخاتە نێو بازنەی رۆحەوە، بۆ مانەوەی رۆحێکی جوان.

# ئەو شیعرانەی خۆشمدەوێن

**ئەنوەر عەباسی (هەرەس)**

کاتێک کە باسی شاعیری سەردەمی خۆبوون دێتە گۆڕێ. کاتێک کە باسی زمانی پێشکەوتوو دەکرێ، کاتێک کە باسی شیعرییەت و ڕەنگدانەوەی شیعرییەت لەسەر هزری شاعیر و پێچەوانەکەی دەکرێ، بەبێ سێ و دوو وەبیر شیعری «ئێلزا لە ئاوێنەدا»ی ئاراگۆن (1897 — 1982) دەکەومەوە. لویی ئاراگۆنی فەڕانسی کە لەگەڵ ئاندرێ بێرتۆن، سوریالیزمیان دامەزراند، بەڵام چەند ساڵ دواتر ئاراگۆن خۆی لە سوریالیستەکان جیاکردەوە و هەتا کۆتایی ژیانی، زۆربەی شیعرەکانی تەنیا بۆ «ئێلزا»*ی هاوسەری نووسی.

گرینگترین خاڵی بەهێزی ئەم شیعرە ئەوەیە کە شاعیر بە سەرنجدان لە شتگەلێکی ورد و زۆر سادەی ڕۆژانە و چرکەساتێکی ژیانی خۆی کە دەکرا تەنیا ڕۆمانتیک بێت نەک هیچیتر، شیعرێک دەخولقێنێ کە هەم وەڵامی دەروونی خۆی دەداتەوە و هەم دەرەوەی خۆی بە شاعیرانەترین شێوە بەیان دەکات و بە جوانی خۆی لە ڕۆمانتیسیزمی شیعری دەپارێزێ. بە سازکردنی پێوەندیی شاعیرانە لە نێوان فاکتە دەرەکی و نێوخۆییەکانیدا، وەها شیعرێکی پرشنگدار دەنووسێ کە لە پاش دەیان ساڵ، ئێستاش بۆ خوێنەری جدیی شیعر، نموونەی یەکێک لە بەرزترین شیعرەکانە. ئەگەر یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی شیعرێکی سەرکەوتووخاوەن کەسایەتیبوون بێت، ئاراگۆن بە سەرنجدان لە دەوروبەری خۆی و وەنێو شیعر هێنانی و گیانی شیعری وەبەرکردنیان، وەها کەسایەتییەکی بەم شیعرە بەخشیوە کە تەنانەت نێوی شیعرەکە بووە بە سەرچاوەی ئیلهامی شاعیران. ڕەنگە (نا بەدڵنیاییەوە) شاملوو هەر بە ئیلهام وەرگرتن لەم شیعرە نێوی یەکێک لە کتێبەکانی خۆی ناوە: «ئایدا لە ئاوێنەدا». بەڵام ڕوانگەی ڕۆمانتیک و ساز و کاری شیعریی لاوازی هێندێک لە شیعرەکانی ئەم کتێبەی شاملوو لە کوێ و شکۆ و کەسایەتی کەموێنە و زمانی پێشکەوتووی ئەم شیعرەی ئاراگۆن لە کوێ.

شیعری ئێلزا لە ئاوێنەدا بە دوو ڕستە دەستپێدەکا کە ئەم دوو ڕستەیە چەند جارێکی تریش لەم شیعرەدا دووبارە دەبنەوە و هەر جارەو بەشێکی بینای شیعرە کە بە یارمەتی ئەم دوو ڕستە سەرەکییە لەسەر یەک دادەنرێت.

**لە نێوەڕاستی کارەساتەکەی ئێمەدا بوو و**
**ڕۆژێک هەتا ئێوارە لەبەر ئاوێنە دانیشتبوو**
**پرچە زێڕینەکانی شانە دەکرد**
**من لاموابوو کە دەستە سەبوورەکانی ئاگرێک کەوی دەکەن**
**لە نێوەڕاستی کارەساتەکەی ئێمەدا بوو**

شاعیر لە کارەساتێک ئاگادارمان دەکاتەوە. کارەساتێک کە دەکرێ (لە ڕوانگەی شاعیرەوە) ژنانیش ڕۆڵێکیان تێیدا هەبێ. زیاتر لە هەموو شتێک لەم کۆپلەیەدا هەوڵ دەدرێ کە کارەساتەکە وێنەیەکی ژنانەی هەبێ. چونکە وەکوو نزار قەبانی دەڵێ: تەنانەت پاریسیش ژنانەیە. پرچە زێڕینەکانی کە وەبیرهێنەرەوەی بڵێسەی ئاگرن شانە دەکا، یان باشتر بڵێم ڕێکی دەخا. لە ڕستەی دواییدا بە گومانەوە دەڵێ کە بە دەستەکانی ئاگر کەوی دەکا و ئەم گومان خستنەسەرە خوێنەر ئامادە دەکات کە بە دوایدا بچێ بزانێ ئەم کەویکردنە بە چ مانایە. لە درێژەی کۆتایی ئەم کۆپلەیەدا دیسان بە وەبیرهێنانەوەی ئەوەی لە نێوەڕاستی کارەساتدان، ڕۆڵی ئێلزا پڕڕەنگتر دەکاتەوە و دیسانەوە دەیهێنێتەوە نێوەڕاستی دیمەنەکە. بەڵام لە بیرمان نەچێ بە وشەی من لاموابوو، سێبەری گومان دەخاتە سەر هەر شتێک کە لەو کۆپلەیەدا گوتوویەتی و ئەم سڕینەوەی دڵنیاییە هۆکاری هەیە، هەروا کە لە کۆپلەی دواتردا تێڕوانینەکەدە گۆڕێ:

**ڕۆژێک هەتا ئێوارە لەبەر ئاوێنەدا دانیشتبوو**
**پرچە زێڕینەکانی شانە دەکرد و**
**من پێموابوو،**
**ڕاست لە نێوەڕاستی کارەساتەکەی ئێمەدا بوو-**
**بەبێ ئەوەی کە خۆی بزانێ**
**بەو ڕۆژگارە لە بەرانبەر ئاوێنەدا دانیشتووە و بەسەری پەنجەی چنگ* دەژەنێ**

ئەم گۆڕانکارییە هەم دەرخەری تێڕوانینی شاعیر بۆ ئێلزایە و هەم هەرچی زیاتر ئەو دەخاتە چەقی شیعرەکەوە و خوێنەر تێدە گەیەنێ کە هەرچی هەیە لە ئێلزادایە، کەواتە ئەگەر دەتەوێ لەم شیعرە چێژ وەرگری، چاوت لەسەر ئێلزا لامەبە. ئەمجار شاعیر پرچە زێڕینەکانی ئێلزا بە ژێی چنگ دەشوبهێنێ کە خەریکە بە پەنجەکانی مۆسیقایەکی پێ لێدەدا. لێرەشدا دیسان شاعیر بە گومانەوە دەدوێ. ئەگەر لە کۆپلەی پێشتردا پرچەکانی ئێلزای بە ئاگر و کارەسات شوبهاندبوو، پەنجەکانی بە کەوی و ئارامکەری ئەو ئاگرە، کەواتە ڕۆڵێکی هێورکەرەوە و ئارامبەخش بە چەمکی ئەڤین دەبەخشێ و لە هەمان حاڵەتی کلاسیکی خۆیدا دەیهێڵێتەوە، لەم کۆپلەیەدا ئەو پەنجانە لە دەرەوەی کارەسات مانا و کەسایەتییان پێدەدرێ. ڕۆڵێکی خولقێنەریان پێدەدرێ. ئەڤین مانایەکی نوێ لەخۆدە گرێ. ئەم گۆڕانکارییە ئاماژە بەوە دەکات کە لە ماوەی نێوان ئەم دوو کۆپلەیەدا شاعیر شێوە ڕوانینی بۆ ئێلزادە گۆڕێ. لە کۆپلەی یەکەمدا وەکوو کەناری ئارامی دەیبینێ و لە کۆپلەی دووەمدا وەکوو بوونێکی جیا لە کارەسات، بەڵام لە چەقی کارەساتدا. بەمشێوەیە ڕوانگەی خۆی بۆ ئەڤین پاکژتر دەکاتەوە و نیشانی دەدا کە بە تێگەیشتنێکی قووڵتر لە ئەڤین گەیشتووە. لەلایەکی دیکەوە بە شێوەبەیانی دڕدۆنگی خۆی هێشتا شتێکی تێدا دەهێڵێتەوە کە کۆپلەی سێیەم دەست پێ بکات:

**پرچی زێڕینی شانە دەکرد و من لاموابوو**
**کە بە ویستی خۆی بیرگەی ئازار ئەدا**
**بیرگەی خۆی ئازار دەدا**
**لە نێوەڕاستی کارەساتەکەی ئێمەدا بوو**
**دنیا لەو ئاوێنە نەفرەتییە دەچوو**
**شانە، بڵێسەکانی ئەو هاورێشمەی لێک جیا دەکردەوە و**
**ئەو ئاگرە هەموو کەلێنی مێشکمی ڕوون کردبووەوە**
**ڕاست لە نێوەڕاستی کارەساتەکەی ئێمەدا بوو**
**هەروا کە پێنجشەمە لە نێوەڕاستی حەفتە دانیشتووە.**

هەر بەم هۆیەیە کە شاعیر دنیا بە ئاوێنەکە دەچوێنێ. لێرەدایە کە ئاشکرا دەبێ شاعیر باسی جەنگی جیهانیی دووەم و داگیرکردنی فەڕانسە لەلایەن نازییەکانەوە دەکات. کارەسات و فاشیزم دنیای گرتووەتەوە و ئێلزا لەنێو ئاوێنەدا خۆی لەنێو زایەڵەی کارەسات و ئاگری جەنگدا دەبینێت. بۆیە بە زانستە لە بەرانبەر ئاوێنە — کە هەمان ئاگر و جەنگ و کارەسات بێت- دانیشتووە کە پرچە زێڕینەکانی لەبەرانبەر ئەو ئاگرەدا ئاگرێکی دیکە بن. شاعیر لەنێوان دوو ئاگردا ئاگری جەنگ و کارەسات و ئاگری ئەڤین، بە دووەم دانەیانە کە کەلێنەکانی مێشکی ڕوون دەبێتەوە و دەگاتە ڕاستی و دڵنیایی.

**ڕۆژێک هەتا ئێوارە لە تەنیشت بیری خۆی دانیشتبوو و**
**لە ئاوێنەدا دەیدیت لە دوور**
**ئەکتەرەکانی کارەساتەکەی ئێمە**
**کە باشترین دیارییەکانی ئەم جیهانە نەفرەتییەن**
**یەک لە دوای یەک دەمرن**


**ئەو ڕۆژە یەکسەر لەبەر ئاوێنە دانیشتبوو**
**گوڵەکانی ئاگری بێکۆتای دەگەشاندەوە**
**بەبێ ئەوەی کە بیهێنێتە سەر زمان**
**ئەو شتەی کە**
**هەرکەسی دیکە بە جێگای ئەو بوایە دەیگوت**

شاعیر ئەمجار کەمێک دڵنیاتر قسە دەکات. ئەمجار گومانی نەهێشتووەتەوە، بەڵام جۆرێک دڕدۆنگی لە دڵی بەردەنگدا دروست دەکات. تەنیا گومانێک کە دەیهێڵێتەوە، لە بیرکردنەوەی ئێلزادایە. لێرەدایە کە دەزانین ئێلزا خەریکی کەویکردنی ئاگر و کارەسات و هێورکردنەوە نییە، بە پێچەوانە ئاگرەکە دەگەشێنێتەوە. بەڵام کام ئاگر؟ ئێلزا لە نێو ئاوێنەکەدا ئاگری ڕاستەقینەی بینیوە. ئەو دەیەوێ ئەم ئاگرە بەتینتر بکات، هەر بۆیە لەم کۆپلەدا شاعیر ئیتر باسی کارەسات ناکات. شاعیر ئیتر بە جۆرێک دڵنیایی گەیشتووە و لە کۆپلەی داهاتوودا ئەم دڵنیاییە ڕەنگ و بۆن دەگرێ و هۆکارەکەی دەخرێتەڕوو:

لەبەر ئاوێنە و لە تەنیشت بیری خۆی دانیشتووە هەتا لە ئەڤین بڵێسەی ئاگری هزرینی بەرزتر بکاتەوە هەتا لە نێوەڕاستی کارەساتەوە ڕێگایەک بکاتەوە بۆ دەربازبوون. ئەو کە لە ئاوێنەدا، لە دنیادا، لە کارەساتدا دەبینێ کە باشترین دیارییەکانی ئەم دنیا نەفرەتییە، ئەکتەرەکانی ئەم کارەساتە — ئەم تراژیدییە — یەک لە دوای یەک دەمرن.

**ئێستا بێ ئەوەی من بیڵێم، خۆتان دەزانن**
**ناوی ئەوان**
**هەروەها واتای ئاگری شەوە درێژەکانیش و**
**پرچەزێڕینەکانی**
**-ئەو کاتەی کە دادەنیشێ و**
**شانەکردنی زایەڵەی ئاگرکەوتنەوە لە بێدەنگیدا***

بەم کۆپلە شیعرە بە تەواوی بە کۆتا دەگات. وەکوو کتێبێک کە بیبەستی، شیعرەکەی دەبەستێ. ئەو ڕستانەی کە بۆ کۆپلەی کۆتایی



هەڵیبژاردوون دڵنیا و قایم و پشتئەستوور بەو گومانە یەک لە دوای یەکانەن کە ئێستا گەیشتوون بە ڕاستی و هەم ئێمە و هەم شاعیر بۆخۆی دەیزانین.

ئەوەی کە لەم شیعرەدا گرینگە، شێوەی بەیان و دەربڕینێکە کە شاعیر بە دۆزینەوەی پێوەندییەک لەنێوان چەمکی ئەڤین و تاکی دڵدار و دنیای دەرەوەدا و گرێدانی هەموو ئەمانە پێکەوە، پێی گەیشتووە. ئەم دۆزینەوەی پێوەندییە و پەروەراندنی و زمانی تۆکمە و دەربڕینی کورت و بێ زیادە و هەروەها کەڵکوەرگرتن لە دەرکیاتی شەخسیی بۆ نواندنی سەردەم یان باشترە بڵێم دەرەوەی شاعیر وای کردووە ئەم شیعرە یەکێک لە باشترینەکان بێت. شیعرێک کە خۆی لە داوی ڕۆمانسیزم دەرباز کردووە و کەسایەتییەکی تایبەتی پێدراوە. دەتوانم بڵێم شیعرێکە بۆ هەمیشە. شیعرێکە کە من خۆشم دەوێ.

---

***زۆر پێوەندی بە باسەکەوە نییە بەڵام ڕەنگە بۆ خوێنەر سەرنجڕاکێش بێت کە بڵێم «ئێلزا بریک»ی هاوژینی ئاراگون کە لەم شیعرەشدا نێوی هاتووە، لەگەڵ دڵدارەکەی مایکۆڤسکی شاعیری فۆتۆریستی ڕووس، واتە لیلی بریک خوشک بوون.**

***چنگ: کە جار جار لە کوردستان بە هەڵە و لەژێر کاریگەریی زمانی فارسیدا پێی دەگوترێ چەنگ، جۆرێک ئامێری سازە کە بە سەرپەنجەی هەردوو دەست دەژەنرێ. لەنێو کورددا «تارا جاف» زیاتر بە بەکارهێنانی ئەم سازە ناسراوە.**

***وەرگێڕانی شیعرەکە لە فارسییەوە بۆ خۆم کردوومە و هاوڕێیەکی فەڕانسیزانم (کاک هەڵگورد سەمەد) لەگەڵ دەقی سەرەکی بەراوردی کردووە.**

# هونەر لە سەروبەندی جەنگدا

**باران ڕەفیق**

شانۆ وەک هونەرێکی باو، ڕاستەوخۆ قسەدەکات لەبەرامبەر ڕووداوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، ئەوەی لە نێوەندی سیاسیدا قەدەغە و بقەیە، لەمینبەری شانۆدا قسەی لەبارەوە دەکرێت و دەگەیێندرێتە بینەران، شانۆ زمانێکی ڕاستەوخۆ و بێگرێیە لەگەڵ خەڵکدا و ئەوەش دەبێت بەزیندوویی وەک خۆی بمێنێتەوە.

شانۆ، وەک هێزێکی هونەریی باڵادەست لەکوێدا دەتوانێت بوەستێت و قسە نەکات؟ ئەوەی لە شانۆدا قسەی لەبارەوە ناکرێ چییە؟ ئایا هیچ شتێک هەیە لە شانۆدا بقە بێت و دەستی بۆ نەبرێت و نەخرێتەڕوو؟ هەموو ئەو پرسیارانە وەڵامەکەی بینەر دەیداتەوە یان شانۆکاران؟ یەکێک لە کارو پیشە گرنگەکانی شانۆ دەرخستنی حەقیقەتە، دەکرێ بڵێین، حەقیقەت لەکوێ لە مەترسیدابێت شانۆ لەوێیە، لەکوێ زوڵم و سستەم هەبێت، شانۆ لەوێدا قسە دەکات و لەکوێ دادپەروەری پێشێل بکرێت هەمدیسان شانۆ پشتیوانییەکی گەورەیە و دەسەڵات بە ئاگا دەهێنێتەوە.

لە هەرێمی کوردستان نزیکەی سێ ساڵە شەڕی داعش هەیە، نزیکەی دوو هەزار پێشمەرگەی شەهید و هەزاران بریندارهەن، قەیرانە ئابووری و ساسییەکان کەڵەکە بوون و ڕووداوی کۆمەڵایەتیی هەمەچەشن ڕوویانداوە، لەبەرامبەر هەموو ئەوانەدا شانۆ نەیتوانی ئەو ئەرکەی هەیبوو جێبەجێی بکات. ئەوە حاڵەتی دەرخستنی حەقیقەتێکی تاڵە، بەڵام دەبێت قسەی لەبارەوە بکرێت و بخرێتەڕوو.

لە سەروبەندی شەڕ و جەنگدا، لە ڕووداوە گەورەکانی وەکو جەنگی دووەمی جیهانیدا، جەنگ هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ گەشەسەندنی هونەر، هونەر چەکێکی بەهێز بوو لەبەرامبەر جەنگدا، زمانی هونەر و نووسین و وێنە بوونە چەکێکی کاریگەر لەبەرامبەر فیشەک و شەڕدا. ڕاستە هونەر ناتوانێت لە سەنگەردا شەڕی تیرۆر و تیرۆریستان بکات، بەڵام دەتوانێت لەڕێگەی هونەرەوە، وەکو شانۆ و فیلم، وێنەکێشان و تێکستی ئەدەبی هەموو بەیەکەوە بەرەنگاری ئەو جەنگە نەفرەتییە ببنەوە، بەڵام ئەو ئەرکە ئەخلاقییەی هونەر لە شەڕی هەرێمی کوردستان و داعشدا بەتایبەتی وەکو پێویست نابینرێت.

دوای ئەوەی کە شەڕی دووەمی جیهان وێرانەیەکی گەورەی لەدوای خۆی جێهێشت، یەکەم کار کە کرا بۆ دووبارە بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری و تەلارسازی، هونەر بوو، هونەری شانۆ و میوزیک و شیعر و تەنانەت وێنەکێشانیش، ڕێبازێکی نوێیان وەرگرت و هونەرمەند و نووسەران وەک دەربڕینی هەست و نەست، ڕێبازی دادایزمیان داهێنا کە بە» هونەری قۆڕ» ناسراوە، ئەو ڕێبازە ڕاستەخۆ دەربڕی نارەزایەتی و هەڵوێست وەرگرتن بوو لەبارەی جەنگ وماڵوێرانی.

ئەوەی من دەمەوێ لەم نووسینە کورتەدا قسەی لەبارەوە بکەم ئەوەیە کە، هونەری کوردی بەگشتی و شانۆ بەتایبەتی نەیانتوانی وەک پێویست لەبەرامبەر ڕووداوە نەخوازراوەکاندا کە لە هەرێمی کوردستان لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا ڕوویانداوە، قسەی خۆیان هەبێت و لەبەرامبەر ئەو ڕووداوانەدا دەنگ هەڵبڕن، بەر لە هەرشتێک دەبوو ئێستا دەیان شانۆگەری لەبارەی کارەساتەکانی شەڕ و بەنەفرەتکردنی تیرۆر لە شانۆدا ڕەنگدانەوەیان هەبووایە، دواجار هونەرمەندانیش سەربازی ئەو نیشتمانەن و زمانی هونەرمەندان و شانۆکارانیش چەکێکی کاریگەرە.

# مێشێک وەک نەفەر لەناو پاسدا



چیرۆکی: لیدیادەیڤس
لەئینگلیزییەوە: هەژار

## بیرەوەرییەخۆشەکان

دەیهێنمە بەر چاوم کاتێ پیر دەبم، بەتەنیا دەبم، لە ئازاریشدا دەبم، چاوەکانیشم بۆ کتێب خوێندنەوە زۆر کز دەبن. لەو رۆژە تووڵانییانە دەترسم. حەز دەکەم رۆژەکانم خۆش بن. دەکۆشم بیر لە رێگەیەکی خۆش بکەمەوە تا ئەو رۆژە قورسانە تێپەڕێنم و بەسەربەرم. دەشێ رادیۆ بەس بێ بۆ پڕکردنەوەی ئەو رۆژانە. کەسێکی پیر رادیۆی دەبێ، گوێم لێ دەبێ وا دەگوترێ. گوێشم لێ دەبێ دەگوترێ سەرەڕای رادیۆکەی، بیرەوەریی خۆشی دەبێ. وەختایێک ئازارەکەی زۆریش خراپ نییە، دەتوانێ بچێتەوە بەسەر بیرەوەرییەکانیدا و ئاسوودە بێ. بەڵام تۆ دەبێ بیرەوەریی خۆشت هەبێ. ئەوەی بێزارم دەکا ئەوەیە نازانم چەند بیرەوەریی خۆشم دەبێ. تەنانەت لەوەیش دڵنیا نیم کە چ شتێک بیرەوەرییەکی خۆش دەخولقێنێ، بیرەوەرییەک لەو جۆرەی هەم ئاسوودەم بکا و هەمیش خۆشیم پێ ببەخشێ کاتێ نەتوانم هیچ شتێکی دیکە بکەم. تەنیا لەبەر ئەوەی حاڵی حازر کەیف لە هەندێ شت دەکەم کە لەو جۆرانە نین بیرەوەریی خۆش بخولقێنن، لەڕاستیدا، دەزانم زۆرێک لەو شتانەی ئێستا چێژیان لێ وەردەگرم لەدواییدا بیرەوەریی خۆش ناخولقێنن. دڵخۆشم بەو ئیشەی دەیکەم، بەتەنیا و لەسەر مێزەکەم. ئەو ئیشە بەشێکی خۆش و مەزنی هەموو رۆژێکە. بەڵام کاتێ تەواوی کات پیرم و بەتەنیام، ئاخۆ بیرکردنەوە لەو ئیشەی راهاتبووم بیکەم بەسە؟ شتێکی دیکە کە خۆشیی لێ دەبینم، خواردنی ئەو شیرینییانەیە کە خۆم دروستیان دەکەم کاتێ لە ئێوارانداا کتێب دەخوێنمەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێموانییە ئەمەش ببێتە بیرەوەرییەکی خۆش. حەزم لێیە پیانۆ بژەنم، حەزم لێیە تەماشای چرۆکردنی گوڵەکانی نێو حەوشە بکەم لە سەرەتای مانگی مارسدا، چێژ لە پیاسە لەگەڵ سەگەکەم دەبینم، سەرشۆڕکردنەوە و تەماشای روخسار و چاوی گەش و چاوی بەدی، حەزم لە سەیرکردنی ئاسمانە لە درەنگانی ئێواراندا، بەتایبەت لە نۆڤەمبەردا، حەزم لە خۆراکدانە بە پشیلەکانم، گوێگرتن لە زیقە و میاو میاویان، لە لەباوەشگرتنیشیان، بەڵام گومان دەکەم بیرەوەریی پشیلەکانیشم بەس نەبن، تەنانەت ئەگەرچی خۆشیشمدەوێن. شتانێک هەن دەمخەنە پێکەنین، بەڵام زۆر جاران شتی تفت و تاڵن، ئەوانیش بیرەوەریی خۆش ناخولقێنن، هەتا ئەگەر لەگەڵ کەسێکی دیکەش بەشی بکەم. ئەوجا ئەوە سەرگەرمی و کەیف نییە بەڵام بەشکردنی ئەو شتانە بیرەوەریی خۆش دەخولقێنن. وا دەردەکەوێ وەک بڵێی بیرەوەرییەکی خۆش دەبێ خەڵکی تریشی تێدابێ. من بیر لە تەواوی کەسە جیاوازەکان دەکەمەوە. بیر لە رووبەڕووبوونەوە و بەرەنگارییە چاکەکان دەکەمەوە لەگەڵ خەڵکی. بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی لە تەلەفۆندا دەمەتەقێیان لەگەڵ دەکەم دۆستانە قسە دەکەن، تەنانەت ئەگەر ژمارەیەکی هەڵەشم لێ دابێ. بیرەوەرییەکی خۆشم هەیە لە وەستانی ئۆتۆمبێل لە قەراغ جادە تا لەگەڵ ژنێکدا دەربارەی باخچەکەی قسە بکەین. قسە لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەم کە لە پۆستە و گەیاندن و دەرمانخانە ئیش دەکەن، دایمەش راهاتبووم لە بانک قسە لەگەڵ خەڵک بکەم پێش ئەوەی بێن و ئامێری پارەدەرکێشانی ئۆتۆماتیکی لە راڕەوەکە دابنێن. وەختێ پیاوێک هات تا ئامێری نەهێشتنی شێی ژێرزەمینەکە چاک بکاتەوە، ئێمە قسەمان لەمەڕ مێژووی ئەم شارەوە کرد. کەیف لە هەڤپەیڤینی خۆم لەگەڵ ئەو کتێبفرۆشییەی خوار شەقامەکەوە دەکەم. کەیف لەو نامە دۆستانەیانە دەکەم کە لە کتێبفرۆشییەکانی دەستی دووەمەوە پێم دەگەن. بەڵام وا بیرناکەمەوە کە هیچ کام لەم رووبەڕووبوونەوانە بیرەوەرییەک بخولقێنن ئاسوودەم بکا وەختێ ئیتر پیرم. رەنگە بیرەوەرییەکی خۆش، ئەو خەڵکە بێگانە یان ئەو دۆستانەی بە هەڵکەوت دەیانبینیت، لەخۆ نەگرێ. ناکرێ بە تەنیا جێبهێڵدرێی، لە تەمەنی پیری و لە ئازاری خۆتدا، لەگەڵ ئەو بیرەوەرییانەی تەنیا و تەنیا ئەو خەڵکانەیان تێدایە کە تۆیان بیرچووەتەوە و فەرامۆشیان کردوویت. خەڵکانی نێو بیرەوەرییە خۆشەکانت دەبێ هەر هەمان ئەو خەڵکانە بن کە دەیانەوێ تۆ لەنێو بیرەوەرییە خۆشەکانی ئەواندا هەبیت. خوانێکی خۆش و گەرموگوڕ بیرەوەرییەکی خۆش ناخولقێنێ ئەگەر بێت و هەر کەسێک لەوانەی ئەوێ زۆر گرنگی بەوانی دی نەدەن. من بیر لە هەندێ کاتی خۆش و مانابەخش دەکەمەوە کە لەگەڵ خەڵکانێک هەمبوون لێمەوە نزیک بوون، تا ببینم و تێبگەم کە ئاخۆ ئەو کاتانە دەتوانن هەندێ بیرەوەریی خۆش بخولقێنن. بینینی هاوڕێیەک لە وێستگەی شەمەندەفەر لە رۆژێکی خۆرەتاودا وا دیارە دەبێ بیرەوەرییەکی خۆش بخولقێنێ، ئەگەرچی دواتر ئێمە قسەمان لەبارەی هەندێ شتی قورس و دژوارەوە کرد، وەک لەبرسامردن و وشکوڕەقهەڵاتن. لەگەڵ دۆستان رۆیشتنمان بۆ نێو دارستان و گەڕان بە دوای قارچکدا دەشێ بیرەوەریی خۆش بخولقێنێ. چەند جارێکی کەم پێکەوە باخەوانی وەک خێزانێک دەشێ بیرەوەریی خۆش بخولقێنێ. پێکەوە ئیشکردن لە کاتی لێنانی هەندێ چێشتی قورس لە ئێوارەیەکدا تا ڕادەیەک بیرەوەرییەکی خۆشە. گەشتێکی خۆش هەبوو بۆ دەرەوە و بۆ نێو بازاڕی هەمەشتفرۆشان. دانیشتن لە قەراغ تەختەخەوی کەسێکەوە کە گیان دەدا و خەریکە دەمرێ، لەڕاستیدا رەنگە بیرەوەرییەکی خۆش بخولقێنێ. دایکم و من جارێکیان لە شەمەندەفەردا بەرەو نیوکاسڵ پارچەیەک خەڵووزمان پێکەوە هەڵگرتەوە. دایکم و من جارێکیان لەگەڵ حەماڵەکاندا لە بەیانییەکی بەفراوی و لە چاوەڕوانیی هاتنی کەشتییەکەدا یاری کاغەزمان کرد. جار هەبووە من لە شارێکی غەریب ژیاوم، هەمدیسان و هەمدیسان گەڕاومەتەوە بۆ باخچەیەکی دیاریکراوی تایبەت بە ڕووەک بۆ ئەوەی سەیری جۆرێکی دیاریکراو لە دارچناری لوبنانی بکەم، ئەوەیش بیرەوەرییەکی خۆشە، ئەگەرچی بەتەنیابووم. دراوسێکەم لەوبەری شەقامەکەوە جارێکیان لە کاتی بەیانیدا قاپێک کێکی لە قاپیی پشتەوە هێنا. بەڵام لەبەرچاومە ئەگەر رۆژێک ئەو و من ببینە غەریبە بۆ یەکتر، ئەوا بیرەوەرییە خۆشەکە بۆگەن دەکا. دەبینم کە دەکرێ بیرەوەرییە خۆشەکان بسڕێنەوە. بیرەوەریی خۆش دەکرێ بسڕێتەوە ئەگەر هەمان شتت لە ڕۆژێکی تردا کرد و پێی دڵخۆش نەبوویت، بۆ نموونە ئەگەر لە ڕۆژێکی تردا باخەوانیتان کرد یاخود پێکەوە بە هەستێکی ناخۆش و خراپەوە چێشتتان لێنا. دەبینم کە ئەزموون بیرەوەریی خۆش ناخولقێنێ ئەگەر باش دەستی پێکردبێ و بەخراپی کۆتایی هاتبێ. هیچ بیرەوەرییەکی خۆش بوونی نییە ئەگەر هەندێ شتی خۆش لەمەڕ ئەزموونێکەوە هەبن، بەڵام هەروەتریش هەندێ کێشە، ئەگەر ئێوە هەردووکتان کەیفتان لە چوونە دەرەوەیەک کرد و کەسی سێیەم تووڕەوتۆسن لە ماڵەوە دانیشتبێ لەبەرئەوەی ئێوە زۆر درەنگ گەڕابنەوە. هەرچۆن بێ، دەبێ دڵنیا بیت، هیچ شتێ ئەو شتە بۆگەن ناکا کە وا ڕوودەدا و لە ئارادایە، ئینجا ئەوەی کە هیچ ئەزموونێکی دواتر ئەو شتە ناسڕێتەوە. دەکرێ چەندین بیرەوەریی خۆشم هەبن. دەبینم ئەو شتانەی لەگەڵ کەسێکی تر دەیانکەم، و بە هەستێکی گەرموگوڕەوە لەمەڕ ئەو کەسە و لەگەڵ کەسێک کە دەیەوێ منی هەبێ دەنێو بیرەوەرییە خۆشەکانی خۆی دەشێ بیروەرییەکی خۆش بخولقێنێ، لەکاتێکدا ئەو شتانەی بەتەنیا دەیانکەم و بەتایبەتیش بە هەستی ئاوات، یا لووتبەرزی، یا هێز، تەنانەت ئەگەر بۆ خۆیشیان شتانێکی باش بن، ئەوا بیرەوەرییەکی خۆش ناخولقێنن. شتێکی باشە شیرینیت هەبێ و لەزەتی لێ بکەی، بەڵام پێویستە لەبیرم بێ کە بیرەوەریی شیرینی نابێتە بیرەوەرییەکی خۆش. ئەگەر لەگەڵ ئەو خەڵکانەی بۆم نزیکن یاری تاوڵە بکەم و دڵمان خۆش بێ، دەبێ لەوەیش دڵنیا بم کە بەرلەوەی بگەینە کۆتایی یارییەکە نەبێتە دەمەقاڵەمان. دەبێ دڵنیا بم کە لە ڕۆژانی دواتردا یارییەکی تری تاوڵە نەکەین ناخۆش بێ. پێویستە ئێستا شەنوکەوی حاڵی خۆم بکەم و دڵنیا ببمەوە لەوەی زۆر بەتەنیا نیم، یان زۆربەی جاریش لەگەڵ خەڵکانی تر دڵتەنگ نیم. پێویستە بیرەوەرییەکانم زیاد بکەم، جار دوای جار: هەتا حاڵی حازر بیرەوەرییە خۆشەکانی من چین؟

## مشکەکان

مشکەکان دەنێو دیوارەکانماندا دەژین، بەڵام کێشە لە موبەقەکەی ئێمەدا نانێنەوە. ئێمە دڵخۆشین بەڵام تێناگەین بۆچی نایەن بۆ موبەقەکەی ئێمە کە تەڵەمان تێدا ناوەتەوە، هەر وەک ئەوەی کە دەچنە موبەقی ماڵە دراوسێکانەوە. سەرەڕای ئەوەی ئێمە دڵخۆشین، کەچی وەڕسین، لەبەر ئەوەی مشکەکان بە جۆرێ هەڵسوکەوت دەکەن وەک بڵێی شتێکی ناخۆش و ناقۆڵا لە موبەقەکەی ئێمەدا هەبێ. ئەوەی وا دەکا تەنانەت ئەم شتە زۆر مەتەڵاویتر دەربکەوێ، ئەوەیە کە خانووەکەمان کەمتر لە خانووەکانی ماڵە دراوسێکان رێکوپێکترە. خواردنی زیاتر لە موبەقەکەماندا هەڵرژاوە، پرزۆڵە و وردکەنانی زیاتر لە تاکی کەوانتەرەکانماندا و پەرۆکۆنە و وردکە پیازی زیاتر لەسەر بنکی کەوانتەرەکەمان هەڵرژاون. لەڕاستیدا، خۆراکێکی ئێجگار زۆر و بەرماوە لە موبەقەکەدا هەیە کە پێموایە مشکەکان بۆ خۆیان بەرگەی ئەو هەموو خۆراکە ناگرن. لە موبەقێکی هەڵنەپژاودا، دۆزینەوەی خۆراک شەو دوای شەو بۆ زیندوومانەوە هەتاکوو بەهار جۆرێکە لە تەحەدا. ئارام ئارام بە دوای شت دەکەون و دەیکرتێنن، سەعات دوای سەعات تا ئەو کاتەی قانع دەبن. لە موبەقەکەی ئێمەدا، بەهەرحاڵ، مشکەکان چاویان بە شتگەلێکی هێند زۆر دەکەوێ کە لە دەرەوەی ئەزموونی ئەواندایە و نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکەن. رەنگە مشکەکان چەند قەدەمێکی کەم سەرکەشی بکەن و بێنە دەرەوە، بەڵام هەر زوو ئەو هەموو دیمەن و بۆنە راویاندەنێتەوە بەرەو کونەکانیان، نارەحەت و خەجاڵەت لەوەی ناتوانن گسک لە موبەقەکە بدەن و ئەو هەموو شتەی ناوی رابماڵن لە کاتێکدا دەبێ رایبماڵن.

## مێردەکەم و من

مێردەکەم و من دوانەی پێکەوەلکاوین. لە ناوچەوانەوە پێکەوە لکاوین. دایکمان نانمان دەداتێ. کاتێ کە دەجوڵێنرێین تا گان بکەین، لە خوارەوە پێکەوە دەئاڵقێین، هەر رێک وەکو درەختی چنگەپشیلەی قەدی دیوار. کات تێدە پەڕێ، من لە بنەوە لە مێردەکەم جیا دەبمەوە و دوانەیەکم دەبێ کە نەلکاون بەیەکەوە وەک ئەوەی ئێمە لکاوین. لەسەر ئەرزەکە دەتلێنەوە. دایکمان ئاگای لەوان دەبێ. ئەوان زۆر کەم بەیەک دەچن و زۆر کەم شتی هاوبەشیان لەگەڵ یەک هەیە، تەنانەت لە خەودا کە ئارام راکشاون. کە بەخەبەریشن، لەنزیک یەکەوە دەبن، وەک بڵێی بەندێکی لاستیکی بەیەکەوەی بەستبن، و لە نزیک ئێمە و لە نزیک دایکمان. لە شەودا بەندەکە تەنانەت قایمتر دەبێ و پێکەوە گوێمان لە دەنگێکی تیژی لەناکاو دەبێ و پێکەوەش بە کۆمەڵ رادەکێشین، ماسوولکە رەقەکانی مێردەکەم بەقەد ماسوولکە نەرمەکانی منەوە، بەقەد ماسوولکە دەزوولەییە پیرەکانی دایکمانەوە و بەقەد ماسوولکە لەپەرچووەکانی ساواکانمان، قۆڵ و باسکمان لە دەوری یەکترن وەک گەلەمارێک، و دەنگی بڵندی مۆسیقایەکی دوور لە حەوشەکەی پشتمانەوە.

## مێش

لە دواوەی پاسەکەدا، دەنێو دەستشۆرییەکەدا، ئەم نەفەرە نایاسابیە ئێجگار چکۆلەیە، لە ڕێگەدایە بەرەو بۆستن.